بارزانی ئەدانەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەکات و داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد رێوشوێنی بەپەلە بگرنەبەر

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ئەدانەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەکات و داوای لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد رێوشوێنی بەپەلە بگرنەبەر، بۆ رێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتری نائارامی لە ناوچەکەدا.

میدیای ئێرانی بڵاویکردەوە، کە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران، بە تەلەفۆن قسەیان کردووە.

ئاماژەبەوەکرا، لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، باسیان لەو شەڕە کردووە کە چەند رۆژێکە لە نێوان ئیسرائیل و ئێران هەڵگیرساوە و رۆژی هەینی بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەستی پێکرد.

نێچیرڤان بارزانی داوای گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە و کاریگەری لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە کرد، بە ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتری نائارامی لە ناوچەکەدا.

هەروەها وەزیری دەرەوەی ئێران، سوپاسی سەرکۆنەکردنی بەرفراوانی "دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل"ی بۆ سەر ئێران لەلایەن بەرپرسانی سیاسی و زانایان و مەرجەعەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانەوە کردووە.

بەپێی میدیای ئێران، وەزیری دەرەوەی ئێران جەختی کردووەتەوە، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تاوەکو راگرتنی "دەستدرێژییەکانی ئیسرائیل"، لە ئۆپەراسیۆنە بەهێزەکانی بۆ بەرگریکردن لە سەروەری، ئاسایشی نیشتمانی و گەلی ئێران بەردەوام دەبێت.